زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی ئەدەبیات

بەشی کۆمەڵناسی/قۆناغی دووەم- کۆرسی یەکەم

# کۆمەڵناسی ئایین

# An introduction to sociology of Religion

## ناساندنی کۆمەڵناسی ئایین

Dilshad Siamand

PHD Salahaddin university hawler

MSc University of Southampton/England

2022-2023

# ئامانجەکانی ئەم وانەیە بریتیەلە:

- زانینی روانگەی کۆمەلناسانە سەبارەت بە سۆسیۆلۆجیای ئایین
- تێگەیشتن لە سۆسیۆلۆجیای ئاین
- پۆلینکردنی کۆمەلناسان سەبەرەت بە پێناسەی چەمکی سۆسیۆلۆجیای ئاین
- دوو پێناسەی سەرەکی بۆ سۆسیۆلۆجیای ئاین
- زانینی ئەرک و فرمانەکانی ئاین

# كۆمەڵناسان چۆن دەڕواننە سۆسیۆلۆجیای ئایین

- كۆمەڵناسان بەبێ ئەوەی باوەڕدار یان بێباوەڕ بن لە ئایین دەكۆڵنەوە
- كۆمەڵناسان گرنگی نادەن بەوەی ئایا كامە ئایین ڕاستە و كامە هەڵە و هەڵسەنگاندنی باش و خەراپ بۆ هیچ لە ئایینەكان ناكەن
- لە لێكۆڵینەوەكانیدا، كۆمەڵناسان بە شێوەیەكی زانستی بەدوای كۆمەڵێك پرسیار و ڕاستی دەگەڕێن دەربارەی ئایا ئایینەكان چۆن ڕێكخراون، ئایا ئایینەكان لە كامە بەها و بیروباوەڕ پێكدێن، ئایا ئایینەكان چۆن باوەڕدارەكانیان دەهێڵنەوە یاخود زیاتری دەكەن(TURNER,2006)
- كۆمەڵناسان پێیان وایە دەزگای ئایین گرنگە لە كۆمەڵگادا چونكە پێكهاتووە لە كۆمەڵێك دەزگای ڕەسمی و نارەسمی لەگەڵ كۆمەڵێك بەها و بیروباوەڕ كە تێكەڵی كۆمەڵگا كراون و كاریگەریان هەیە بەسەر تاكەكان. كۆمەڵناسان هەوڵدەدەن بزانن كە ئەرك وفرمانی دەزگا ئایینەكانی كۆن و ئێستا ڕۆڵیان چ بووە لە كۆمەڵگادا
- كۆمەڵناسان پێیان وایە ئایین سەرچاوەی سەرەكی هاوكاری و هەرەوەزی كۆمەڵایەتییە، باوەڕداران دەكاتە خاوەنی بەها و نەریت و فێریان دەكات چۆن مامەڵە لەگەڵ یەكتر بكەن، بۆنموونە هەبوونی كۆمەڵێك ئایین لە كۆمەڵگایەكدا، ململانێ دروستدەكات.
- كۆمەڵناسان دەڕواننە ئایین وەكو هێزێكی كۆمەڵایەتی نەك تەنها وەكو لایانی سۆز و هتد، بە شێوەیەكی فراوانتر لە باوەڕداران لێكۆڵینەوە لەم بابەتانە دەكەن.

(Giddens, 2001)

# سۆسیۆلۆجیای ئایین چیە

- سۆسیۆلۆجیای ئایین، لقێکی زانستی کۆمەلناسیە، دەکۆلیتەوە لە دەزگایەکانی ئایینی و رۆلی ئەم دەزگایە لە فراوانبوون و گەشەکردنی ئایینەکاندا و دەکۆلێتەوە لە چۆنیەتی دروستبوونی بیروباوەر و بلاوبوونەوەیان بە نێو تاک و کۆمەلگایەکاندا. لەگەل ئەمانەی سەرەوەدا، لە کۆی ئەو دیاردە ئایینە کۆن و نوێیانە دەکۆلێتەوە کە لە کۆمەلگایەکاندا دروستبوون
- سۆسیۆلۆجیای ئایین لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ لەلایەن کۆمەلناسانی وەکو ئیمل دورکهایم، جۆرج زیمیل ، ولیەم رۆبیرتسون و ماکس ڤێبەر بونیاتنراوە
- ئەم لقە زانستیە دروستبوو بۆ وەلامدانەوەی هەموو ئەو لێکدانەوانەی کە ئەو کات باو بوون لە کۆمەلگادا دەربارەی ئایین
- لە سەرەتایی دروستبوونی سۆسیۆلۆجیای ئایین، گرنگی بە ئایین دراوە وەکو شتێکی نیشانەیی و لێوردبوونەوە لە چۆنیەتی دروستبوونی ئایین لە کۆمەلگا سەرەتاییەکانە وە پشتگوێخراوە
- لە کۆمەلگای مۆدێرندا، کۆمەلناسی ئایین لە پرۆسەی سیکۆلاریزم دەکۆلنەوە، ئەمەش دەرئەنجامی فراوانبوون و دروستبوونی شارستانی و فرەرەنگی کولتووری و بلاوبوونەوەی و فراوانبوونی زانستی
- لە کۆمەلگای مۆدێرندا، کۆمەلناسی ئایین لەهەموو ئەو ئایینە نوێ و جولانەوە ئایینیانە دەکۆلێتەوە کە لە کۆمەلگایەکاندا پەیدا دەبن

(Scott and Marshall, 2009)

# کۆمەلناسان لە پێناسەی چەمکی ئاییندا بەسەر سێ جۆردا پۆلێن دەکرێن

- **جۆری یەکەم:** پێناسەی چەمکی ئایین دەکەن بەدەر لەوەی ئایین خوای هەبێت و وەکو دیاردەیەک پێناسەی دەکەن. واتە لە کۆمەلگادا دروستدەبێت، لە تاکێک بۆ تاکێکی تر دەگوازرێتەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و بەشێوەی رێژەی لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەلگایەکاندا ئایین هەیە
- **جۆری دووەم:** جەختدەکەنەسەر لایەنە سۆزداریەکانی ئایین و کە تەنها لە کاتی تەنگانە و ناخۆشی دا باوەرداران هانای بۆ دەبەن. تاکەکان بۆ دەربازبوون لە گرفتە کۆمەلایەتی و تەندروستیەکانیان هانا بۆ ئایین دەبن و ئایینەکان خاوەن هێزێکی زۆرن لە دروستکردنی ترس لە رووی سایکۆلۆژیەوە
- **جۆری سێیەم:** ئەم جۆرە پێناسەیە جەختدەکاتە سەر پێناسەکانی ئایین بابەتیانە. واتە بەشێوەی زانستی و بابەتی بەبێ لایەنی پێناسەی ئایینەکان دەکەن

(Thorman,2001)

# پێناسەی ئایین ١

- لە فەرهەنگی کۆمەڵناسی سێیجدا، ئایین بریتیە لە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی کە پێکهاتووە لە بیروباوەڕەکان، کردەوەکان، دەزگایەکان کە بوونی رووحیش دەگرێتەخۆ لەگەل هەبوونی هێز و کردار (Bruce and Yearley, 2006)
- ئەم پێناسەیە ئایین بە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی دەزانێت وەکو هەر دیاردەیەکی تر کە بەشێوەی کەم یا زۆر ئایینەکان لە کۆمەلگایەکاندا هەن و بلاودەبنەوە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە
- ئەم پێناسەیە جەخدەکاتە سەر هەبوونی بیروباوەر لە گشت ئایینەکان و دروستکردنی بەها و نەریت و یاسا و رێسا و رەفتاری ئایینی باوەردارەکان
- ئەم پێناسەیە جەختدەکاتە سەر ئەوەی کە ئایین کۆمەلێک ئەرک بۆ باوەردارانی دیاریدەکات و رۆژانە دەبێت باوەردارانی ئایینەکە جێبەجێبکەن و پێیەوە پابەندبن
- بەگوێرەی ئەم پێناسەیە دەزگایی ئایینی یەکێکە لەو پێویستیانەی کە هەر ئاینێک بۆ خۆی دابینی دەکات و دەیکاتە شوێنی پێرەوانی خۆی
- بەگوێرەی ئەم پێناسەیە لایەنی روحی لە تەواوی ئاینەکاندا هەیە کە کاریگەری دەکەنە سەر تاک، هەروەها هەر ئاینێک خاوەنی هێزە و رۆلی هەیە لە کۆمەلگادا

# پێناسەی ئایین ٢

- ئەنتۆنیۆ گیدنیز کە کۆمەلناسێکی بەریتانیە ، پێیوایە،کۆمەلناسان پێناسەی ئایینیان کردووە بەوەی ئایین، سیستەمێکی کولتوورییە کە کۆمەلێک بیروباوەر، ریورەسمی ئایینی بلاوبوو لەنێو تاکەکاندا لە خۆدەگرێت؛ کە مانایەکی بنچینەیی دەبەخشێت لە کۆمەلگایەکاندا، لە رێگەی بە پیرۆزکردنی و لە خۆگرتنی هێزێکی رووحی (Giddens,2009)
- ئەم پێناسەیە پێیوایە ئایین و کولتوور لەیەک دەچن چونکە خاوەنی هەمان تایبەتمەندین بۆ نموونە وادادەنرێت ئایین بەرزترە لە تاک و کۆمەلگا و بەهێزە و کۆمەلێک یاسا و رێسای هەیە وەکو کولتوور
- بە گوێرەی ئەم پێناسەیە ئایینەکان لە ناوەرۆک و بەرنامەیاندا خاوەن رێورەسمی ئایینین کە پێویستە لەسەر باوەردارانی ئایینی جێبەجێی بکەن
- ئایینەکان زۆر لە شتەکان بە پیرۆز دادەنرێن و لەلایەن باوەردارانیەوە بە پیرۆزی دەهێلنەوە لە نەوەیەکەوە بۆیەکی تر و لە کەسێکەوە بۆ یەکی تر فێری تاکەکان دەکرێت
- بەهەمان شێوەی پێناسەی تر، ئەم پێناسەیەش پێیوایە لایەنی روحی لە ئایینەکاندا هەیە

# ئەرکە و فرمانەکانی ئایین

- ئایین یاسا و ڕێسا بۆ تاک و کۆمەلگا دروستدەکات بۆ نموونە لە ژیانی ڕۆژانە لە کاروباری کۆمەلایەتی وسیاسی و ئابووری هتر (Harrison,1993)
- ئایین بەشدارە لە دروستکردنی توخمەکانی کولتوور یەک لەوانە بەها، بۆیە هەر ئایینێک کۆمەلێک بەها بۆ کۆمەلگایەک دروستدەکات کە جیاوازە لە بەهایەکانی کۆمەلگایەکی تر بۆ نموونە دەستپاکی، داوێنپاکی، ڕاستگۆی، هاوکاری (Boodin, 1999)
- کۆنترۆلی کۆمەلایەتی یەکێکی ترە لە فرمانەکانی ئایین، لە ڕێگەی پێدانی ئەرک و ماف، پاداشت و سزا، ئاین هەول دەدات یاسایەکانی بەسەر تاک و کۆمەلگا جێبەجێبکات و ڕەفتار و کردەوە و بیرکردنەوەی تاک سنوردار بکات و چوارچێوەیان بۆ دیاری بکات
- ئایینەکان بەشێوەیەکی گشتی هەولی ئەوەدەدەن کە سنووری کۆمەلگایەک ببرن و لە زۆربەی کۆمەلگایەکان بلاوببنەوە و کاریگەریان هەبێ لە زۆربەی کۆمەلگایەکاندا
- ئاییینەکان دروستکەری پەیوەندی ڕوحین لە نێوان تاک و ئەو شتانەی کە ئایینەکان پیرۆزیان دەکەن

(Ellwood, 1998) .

# سەرچاوەکان


- Bonney, R. (2004). 'Reflections on the Differences Between Religion and Culture'. *Clinical Cornerstone,* 6(1). PP,220-280.
- Boodin, J.E.(1999). 'The function of religion'. *Religion,*2(1) 229-278.
- Bruce,S. and and Yearley,S. (2009). The Sage Dictionary of Sociology. London:  SAGE Publications
- Cooey, P.M.(1991). 'The Tension between Religion and Culture'.  *Buddhist-Christian Studies*, 11 (6), pp. 248-254.
- Ellwood, C.A.(1918).'Religion and Social Control'. *The Scientific Monthly*, 7( 4) ,pp. 335-348.
- Harrison,F. (1983). 'Relation of Ethical Culture to Religion and Philosophy'. *International journal of Ethics*, 12(8).336-356.
- Giddens, A.(2009). Sociology 6th.  Cambridge: Polity Press.
- Tillich, P.(1946). 'Religion and secular Culture'. *The Journal of Religion,* 26(2),pp.79-86.
- Thorman, D.J.(1951). 'The Sociological Concept of Religion'. *The American Catholic Sociological Review*, 12( 3), pp. 148-155.
- Williams, R.H.(1996).'Religion as Political Resource: Culture or Ideology?' *Journal for the Scientific Study of Religion*, 35( 4), pp. 368-390.

# سەرچاوەکانی زیاتر


- Hackett, D.G. (1988) Sociology of Religion and American Religious History: Retrospect and Prospect, Journal for the Scientific Study of Religion 4,(17),pp. 461-474.
- Pemberton, P.L. (1960) Sociology of religion: A fifty year Perspective, Journal of Bible and Religion, 2, (28). pp. 238-244.
- Jarrett, W.H. (1974) Sociology and the Religious Prophets: Is the New Wine Any Better?, Sociological Analysis, 4(35) pp.233-239.
- Robertson, R. (1985). Beyond The Sociology of Religion?, Sociological Analysis, 4,(46).pp. 355-360
- Kokosalakis, N. (1985). Legitimation Power and Religion in Modern Society, Sociological Analysis, 4(46).pp. 367-376.
- Beckford, J.A. (1990). The Sociology of Religion and Social Problems, Sociological Analysis, 1(51). pp.1-14
- Williams, H.R.(1996). Introduction: Sociology of Culture and Sociology of Religion, Sociology of Religion, 1(57).pp. 1-5.
- Lemert, C. (1979). Science, Religion and Secularization, The Sociological Quarterly, 4(20).pp.445-461.
- BURDZIEJ, S.(2014). Sociological and Theological Imagination in a Post-secular Society, Polish Sociological Review, 1(186).pp.179-193.
- McGuire, M.B.(1993). Emerging Themes in U.S. Sociology of Religion, Archives de sciences sociales des religions, 83(38).pp.127-139.
- Watts,S.(1952). The Social Significance Of Religion, The Australian Quarterly, 2(24).pp.63-68.
- DOHERTY, J.F(1964). Sociology and Religion: Religious Maturity, Philippine Studies,4(12).pp.681-698.
- DOHERTY, J.F.(1964). Sociology and the Study of Religion, Philippine Studies, 3(12).pp.473-493.
- Flanagan, k.(2001). Reflexivity, Ethics and the Teaching of the Sociology of Religion, Sociology 1(35).pp.1-19.
- Dillon, M.(2003). Handbook of the Sociology of Religion. Cambridge: Cambridge University Press